کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# راپۆرتەکەی ئەو دواییەی پنتاگۆن و چەند سەرنجێک

شەفیقی حاجی خدر
Shafiq68@gmail.com

دوای ئەوەی جورج بوشی سەرۆکی ئامریکا دەربارەی راپۆرتی بێکەر_ هاملتن گوتی راپۆرتیکی "قورسە، بەڵام بەجدی وەری دەگرم" باسی لەوە کرد کە چەند راسپاردەو رێنمایی دیکە ماون، لەوانەش راپۆرتی وەزارەتی بەرگریو راپۆرتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی.

هەفتەیەک دەبێ راپۆرتی وەزری پنتاگۆن دەرچوو، کە 50 لاپەڕەیە.

هەوڵ دەدەم لەو نوسینەمدا تیشک بخەمە سەر "گرنگترین" ئەو خاڵانە بخەمە روو کە لەدوتوێیانەوە دەکرێ پێگەی کورد لە چوراچێوەی دەوڵەتی عیراقو سیاسەتی ئێستای ولاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا یان لێیەوە هەڵبسەنگێندرێ. هەروەها هەوڵ دەدەم بەپێی توانا پەیوەستیەک لەنێوان ئەو راپۆرتەو راسپاردەکەنی لیژنەتی بێکەر- هاملتن بدۆزمەوە.

ئەو راپۆرتە هەرچەندە بایەخی تەواوی خۆی هەیە بەڵام، تائێستا نەبۆتە بابەتێکی لێدوان لە سەر رۆژنامەکانی کوردستان. ئەو راپۆرتە دەهێنێ بڕگەکانی بەوردی شیبکرێنەوە. ئەو چەند دێڕانەیی من هەوڵێکە بۆ وروژاندن. هەقبوایە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ سەرجەم راپۆرتەکانی پێش ئەوەشو ئەوانەی دوای ئەوەش دێن، تاکو بەرونی پێگەی خۆمان لەنێوانیاندا بەدەر بکەوێو لەدوتوێی زانیاریو شیتەڵکاریەکان سسیاسەتبەدەستانی کورد هەنگاوی ئایندەیان بە ئامادەکاریەوە هەڵێنن.

●— راپۆرتی پنتاگۆن دەربارەی عێڕاق وەک لە کورتە پێشەکیەکەیدا هاتوە وەرزیەو ئەمەیان شەشەمین راپۆرتەرو دوا راپۆرتیش لە ئابی ئەمسالدا بلاو کرایەوە. ئەم راپۆرتە زانیاریو پێوەرە بەرەوپیشرۆیشتوەکانی سیاسی، ئابوری، ئاسایش و سەقامگیری عێڕاقیان لەخۆگرتوە، بۆیە ناونیشنانی 'پێودانگی سەقامگیریو ئاسایش لەعێڕاقدا:" یان بۆ داناوە. ئەو راپۆرتە پێشکەش کۆنگرێس کراوەو سەرچاوەی زانیاریەکانی هی هێزەکانی هاوپەیمانانە نەوەک بەتەنها هی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا.

●— شێوازی خستنەروی راستیەکانو شیکردنەوەو تێبینیو شێوەراسپاردەکانی ئەو راپۆرتە تەواو لەراپۆرتەکەی بێکەر-هاملتن جودایە. ئەوڕاپۆرتە نەهاتوە وەک ئەوەی بێکەر کردویانە کۆمەلێ راسپاردە بەدوای یەکدیدا ریز بکاتو ئەرگومەنتیان بۆ بێنێتەوە، بەڵکو هاتوە پێشهاتەکەکانی وەک خۆیو بەگوێرەی لێکدانەوەکانی خۆی باسکردوە. کەموایە راستەوخۆ راسپاردەی تێدا بێ، بەڵکو خوێنەر پێویستی بەخوێندنەوەی نێوان دێڕەکانو لێتێگەیشتنیانە تاکو لە راسپاردەورێنماییەکان بگا. باشتر وایە دەرەنجامەکان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڕێنمایی لەقەڵەم بدەین نەوەک ڕاسپاردە ، چونکە سیفەتە قانونییەکەی ئەم راپۆرتە لەدەزگایەکی جێبەجێکار نەوەک راوێژکار هاتوە. بەمەش جیاوازی زۆری لەگەڵ هی راپۆرەکەی بێکەر - هاملتندا هەیە.

•— یەکەمین تێبینی لە برگەی یەکەمی پێشەکیە پوختەکەوە دەست پێدەکا، کە ئامانجی ئامریکای لەعێراق بە دەقاودەقی لەو دێڕەدا کۆکردۆتەوە" ئامانجی فەرمانبەرداریێتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا لە عێراق  یەکێتی، سەقامگیری، دێموکراسی نەتەوە/دەوڵەت تێکە، کەعێراقیەکان دامودەزگاو سەرچاوەی پێویستیان بۆ حوکمڕانی خۆیان هەبێ،تاکو ئاسایشی وڵاتەکەیان بپارێزن" ل1
لەبەراییەوە راپۆرتەکە لایەن وەزارەتێکی هەرەگرنگی ئامریکا دەرچوە؛ عێڕاق وەک دەوڵەتێکی ناوەند وتاک دەوڵەتی تەماشا دەکا، بێ ئەوەی لەپێناسەکەی خۆیدا جێگەی فیدرالیزمی تێدا ببێتەوە. پەیڤی یەکگرتوو یان یەکیتی پێش هەمو ئاوەڵناوەکانی عیراق کەوتوە. هەر ئەو وشەیە unitedلەروی دەستەواژەیەوە بەپەنابردن بۆ قانونی دەستوری، لێکدانەوی سەرنجدار هەڵدەگرێ. کاتێ کەباس لەدەوڵەتی فیدرالی دەکرێ ئەوا وشەی فیدرالی دەبێتە پاشناوی دەوڵەتەکە، بەڵام هەندێ دەوڵەت هەن وەک خودی ئامریکا بەهەمان ئاقاری ناوهێنانەکەدا نەڕۆیشتون، بەڵکو لەجیاتی وشەی فیدرلی یەکێتی هەیە.
بەلام ئەوەی سەرنجراکێشە ئەو واژەی یەکێتیە هەر بەتەنها نەهاتوە، بەڵکو لەگەڵیدا ولایەتەکان هاتون، یان یەکێتی شانشینی بەریتانیا، یان یەکێتی میرنشینەکانی عەرەبی. لێرەدا بەحوکمی ولایەتەکانو میرنشینەکان، راستەوخۆ پیشناوی یەکێتی جێی وشەی فیدرالیزم دەگرێتەوە، کەچی ئەوانەی وڵاتو میرنشینیان لەنێواندا نەبێو یەکیان نەگرتبێ، ئەوا فیدراکلیزم جێی دەگرێتەوە . کاتێ کەدەگوترێ عێراقی یەکگرتوو ئەوا هیچ ئاماژەیەک بەیەکیەتێکی پێگە سەرەکیە پێکهێنەرەکانی عێڕاق نادا، خۆگەر هاتباو گوترابا یەکێتی هەرێمەکانی عێڕاق یان یەکێتی گەلانی عێڕاق، رەنگبا بنەمای رەخنەکە نەمابایە.
خاڵیکی دیکەی تێبینیدار ئەوەیە؛ ئامریکا تەماشای عێراق وەک پیناسە رۆژئاواییەکە بۆ دەوڵەت دەکا ، ئەویش بەلەیەکگرێدانی دەوڵەت/ نەتەوە. بەڕێز د. بورهان یاسین لەنوسینەکانیادا ئاماژەی بۆ ئەو پرسە گرنگە داوە . خوێندنەوەی عێڕاق بەهەمان پێودانگ سەقەتەو دەرەنجامی قانونیوسیاسیانەی ناشیاوی لێدەبێتەوە. ئەوە بۆ ئەوەمان دەبا کەجارێکی دیکە هەندێ لە ڕۆشنبیرانی عەرەب ئەو چەمکەی پەنجاکان بۆ "امة العراق" بژێینەوە، کەدیارە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێو کوردیش تیایدا زەرەرمەند دەبێ.
عێڕاقێکی دیموکراتی سەقامگیر پێناسەیەکی بەردەستی سیاسەتمەدارانی ئامریکاو خۆرئاوایە. لەژێر ئەو پێناسەدا هەڵەو تاوانکاریەکانی 83ساڵی رابردوو زیندوو دەبنەوە. ئەو رەچەتەیە چەند وەک خۆی بمێنێ ئەوەندە رێگەچارەسەریەکان بەگوێرەی خواستی پێکهێنەرە سەرەکییەکانی نابێ. تاچەند پێویستە پێلەسەر پێناسەیەکی نوێ بۆ عێڕاق دابگیرێ، ئەوەندەناوچەکە بەرەو سەقامگیری هەنگاو هەڵدەنێ.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوەی سەرو ئامانجی پنتاگۆنە لەعێراق،چونکە بەگوێرەی راپۆرتەکەیان ئامانجەکە بەردەوامەو نەگۆرە بەڵام شێوازەکانو کەرەستەکانی گەیشتن بەو ئامانجە دەگۆڕدرێن، بۆیە ئەوان تەنها پێواژۆی شێوازەکانیان دەگۆڕن. هەرچی ئامانجی راپۆرتەکەی بێکەر- هاملتنیشە گێرانەوەی ئیعتبارە بۆ هەمان شت، چونکە بەگوێرەی ئەوان ئێستا عێراق هەنگاو بۆ عێراقێکی دیکە هەڵدەنێ، واتا پێناسەیەکی دیکە بۆ نۆژەنکردنەوەی دەوڵەتی عێراق، کەئەمەیان بەگوێرەی راپۆرتەکە گەفە بەسەر بەرژەوەندییەکانی ئامریکاو دراوسێ دۆستەکانی ئامریکا، بۆیە دەبێ هەمو هەوڵێک بدرێ تا عێراق والێبکرێتەوە، کە پێناسەی سەرو وێنەی بۆ کێشاوە. هەر لەبەر ئەوەش 79 راسپاردەکانیان بۆ داناوە.

●— ئەو راپۆرتەی وەزارەتی بەرگریش پانتایەکی بەرچاوی داوەتە لایەنی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو عێراق. چونکە هەرلەسەرەتای راپۆرتەکە داوای کردوە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بەرپرسیارە لەکاردانەوەو گێرانی رۆڵی کاراتر بۆ بەرەوپێشبردنی ئاسایش لەعێراق ئەش وەک راپۆرتەکە ئاماژەی بۆ دەکا فەرمانبەرداریەکە لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشو دەستپیسخەریەکانی خودی وڵاتەکان سەرچاوەی وەرگرتوە. راپۆرتەکە لە لاپەرە 6یدا سەقامگیریو ئاسایشی عێراق بەکێشەیەکی هەرێمی دادەنێ، بۆیە رۆڵی وڵاتەکانی دەورو بەرو وڵاتە عەرەبییەکان خوازراوە. وڵاتە یەکگرتوەکان لەرێگەی دانوستانی دولایەنە دەکرێ زەمینەیەک بۆ گەڕانەوەو بەرقەراەکردنی ئاشتی لە عێراق بگەڕێنێتەوە. ئاشکراشە راسپاردەی تایبەت لەراپۆرتەکەی بێکەر سەبارەت بە رۆڵی"دەستێوەردانی" وڵاتانی دراوسێدا هاتوە.

●— لەلاپەڕە 3ی راپۆرتەکەدا باس لە قوربانیانی شوێنی کارەتێکدارەکان دەکا. سەرتاپای عێراق بەیەک چاو تەماشا دەکا بێ حیسابکردنی هەرێمی کوردستان وەک هەرێم بەڵکو وەک سێ پارێزگا ئاماژەی بۆدەکا. پنتاگۆن دەنوسێ" 54%هەمو هێرشەکان لە تەنها 2 پاریزگا(بەغداو ئەنبار) لە 18 پارێزگاکەی عێراق رویان داوە. ئەو روانینە بۆ عێراق لەسەر بنەمای پارێزگاکانو ناوهێنای 18 پارێزگا لەزۆر شوێن، رەوشی فیدرالیزم لەسەر بنەمای هەرێمەکان لەق دەکا. جێی باسە راپۆرتەکەی بیکەریش ئەو مەسەلەی زۆر بەتۆخی باسکردوە.

●— راپۆرتەکە لە لاپەڕە چواردا باس لەهەنگاوەکانی گواستنەوی ئەرکی ئاسایشی پارێزگاکان دەکا. باس لەوە دەکا کە (ذی قار) دوهەمین پارێزگایە لەهەر 18 پارێزگاکان کە دەسەڵاتی ئاسایش گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی عێراق. سەبارەت بەبارودۆخی کوردستانیش دەقاودەق واهاتوە" دانوستانە سەرکەوتوەکانی نێوان حکومەتی عێراقو حکومەتی هەرێمی کوردستان، MNF-Iوحکومەتی عێراق سەبارەت بەگواستنەوەی لێپرساوێتی ئاسایشی دهۆک، هەولێر و سلێمانی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆتایی 2006 هەڵپەسێردران".



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

●— کاتێک ئەو جۆرە راپۆرتانە باس لەپرۆسەی سەلماندنو بەقانونیکردنی فیدرالیزم لەعێراقدا دەکەن، راستەوخۆ حوکمی خۆیان بە رەتکردنەوە یان بە پەسندکردنو داکۆکیلێکردن نادەن، بەڵکو مرۆڤ دەتوانێ لەدوتوێی وەسفکردنی پێواژۆکە بگاتە دەرەنجامی مەبەستی داڕێژەرانی. کاتێک راپۆرتی ناوبراو دێت باس لەفیدرالیزم دەکات ئاوای باس دەکا" فیدرالیزمو شێوەکەی لەعێراقدا دو لە تیژترینو کێشەلەسەرترین مەسەلەی سیاسەتی عێراقییە. لە ئۆکتۆبەری 2006 دوای موناقەشەیەکی دوورودرێژ لەسەر قانونی هەرێمەکان کە وڵاتی پارچەدەکرد، پەرلەمان کاراییەکانی قانونی هەرێمەکانی تێپەڕاند. تاکو ماوەیەکی درێژتر بداتە موناقەشەکان، جیبەجێکردنی قانونەکەی بۆ 18 مانگ دواخست".ل7

جێگەی سەرنجە وەسفکردنی فیدرالیزم جارێک بە کێشەی توندو جارێک بە مایەی پارچەبونی عێراق وەک چۆن نەیارانی فیدرالیزم هەر هەمان ئەرگومەنتیان بۆ هەیە،لەقەڵەم بدرێ. دیارە ئەو جۆرە وێناکردنانە کاردانەوەی لەسەر داڕێژەرانی سیاسەتی ئامریکادا دەبێ، ئەمە لەسەرێک دیکەشەوە فیدرالیزم راستەوانە لەگەڵ ئامانجی سەرەکی ئامریکا نایەتیەوە وەک لەخاڵی پیشوتر داباسمان کردو. لەراپۆرتەکەدا دێرێک نابینی فیدرالیزم بەرێگەچارەی دەوڵەت بزانێو پەسنی بدات، یان بەواتایەکی دیکە نایەت فیدرالیزم لەچاوی کوردو زۆرینەی شیعەکان بخوێنێتەوە، بەڵکو هەر لەروە نەگەتیڤەکەی دەخوێنێتەوە کە رامانی سوننەکانو دەوڵەتانی دراوسێیە. مەترسی لێرەدا ئەوەیەکە نەتوانراوە رەوتی تێڕوانینی سیاسەتبەدەستانی ئامریکا لەمەڕ شێوەی دەوڵەتی عێراق لە سەنترالیزمەکەی جارانەوە بەرەو ناسەنترالیزمی بگۆڕدرێت. ئاشکراشە راپۆرتەکەی بێکەر-هاملتن بە چ شێوەیەک دەڕواننە ئەو دۆزە.

●— راپۆرتەکە بەندی1.3.3 کە بەناونیشانی سروشتی ململانێ، تیرۆریستەکانو جەنگاوەرە بیانییەکانە، بەدوورودرێژی باسی هەمو هێزو لایەنو مێلیشیاو باندە شەڕکەرەکانی سەرگۆڕەپانی سیاسی عێراق دەکا، هەر لە قاعیدەو ئەنسار ئەلسوننەو باندەکانی دیکەی سوننە وەک سوپای ئیسلامی، سوپای محەممەدو باندەکانی مەرگ، ئەنجا دێتە سەر میلیشیاو سوپا گروپەکانی دیکە. لەوێدا باسی سوپای مەهدی بەترسناکترین گەف بۆسەر هێزی هاوپەیمانانو ئاسایشی عێراق دەکاتو دەڵێ پارمەتیشیان لەدەروە بۆ دێ. پاشان باسی فەیلەقی بەدر دەکا. لەباسکردنە کورتەکەدا بەخراپی ناویان ناهێنێ، دەشڵێ رێکخراوێکە ملکەچی دەستورەو کۆمەکیشی لەدەرەوە دەکرێ. '

بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە هەر لەگەڵ ئەواندا باسی هێزی پێشمەرگە بەشێوەیەک دەکا ،کەدوای ئەوەی دەڵێ بەپێی ماددەی 121 دەستور رێکخراون بەڵام لەدوایدا دو تێبینیان لەسەر دەدا کە مایەی تێڕامانن، رەنگبێ جۆری تێرامانەکە لە تێبینیەکەوە بۆ ئەوی دیکە بگۆڕدرێ.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تێبینی یەکەم دەڵێ پێشمەرگە بەتایبەتی ئەوانەی خزاونەتە نێو هێزی عێراقی، دەگوترێ هەواداریێتیان بۆ دەسەڵاتی کوریە نەوەک بۆ ئەفسەرەکانیان.
تێبینی دوهەم مایەی سەرسامیە دەقاو دەق دەڵێ" هەرچەندە پێشمەرگە پەلاماری هێزەکانی هاوپەیمانانو عێڕاق نادا، هەندێ جار ئاسایشیش بۆ هەوڵەکانی بنیاتنانەوە دابین دەکا، بەڵام تێبینی دەکرێ ئەو هەواداریێتیە دوسەرەییەی پێشمەرگە ئاسایشی چالاکی نیشتمانیو حوکمڕانی لاواز بکا" ل20.
سەیر لەوەدایە بونی پێشمەرگە بەوشێوەیە بە گەفێکی ئایندە دەزانێ، بۆیە لەنێوان دێڕەکەدا بەناڕاستەوخۆ دژایەتی بۆ بونیان رادەگەیەنێو رێگە خۆش دەکا تاکو نەیانهێڵێ.
کەچی لەهەمان کاتدا کەباس لەبەدر دەکا، هەمان مەترسی باس ناکا.
ئەو لێتێنەگیشتنە لەسەر ئاستێکی باڵای وەزارەتی بەرگری کەخۆی هاوکاری پێشمەرگە دەکا، نیشانە پرسیاری زۆر دەخاتە روو.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com